# چەند سەرنجێک لە کتێبی
# (نالی لە ڕوانگەیەکی ترەوە)

محەمەد عەبدولڕەحمان مێرگەیی

کتێبی (نالی لە ڕوانگەیەکی ترەوە) لەلایەن چاپخانەی کارۆ، لەمیانی پرۆژەی خەڵاتی کارۆ بۆ ڕێزلێنان لە نووسەران، وەکوو خەڵاتی چوارەمینی ساڵی ٢٠٢١ لە بواری لێکۆڵینەوەدا، بۆ نووسەری دیار حەکیم مەلا ساڵح چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەگەرچی کتێبێکی قەبارە بچووکە، بەڵام پێشەکییەکی درێژی هەشت لاپەڕەیی لەلایەن مامۆستای زانکۆ و نووسەری ئەکادیمی د. هێمن عومەر خۆشناو بۆ نووسراوە و لەلایەن نووسەر ڕێبوار حەمەتۆفیق پێداچوونەوەی بۆ کراوە و هەم پەراوێزەکانیشی بۆ ئامادەکراوە (لە بەرگی پێشەوەی کتێبەکەدا ئاماژەی پێ دراوە). دیارە لە بنجدا کتێبەکە کۆمەڵە گوتارێکی نووسەر بووە و پێشتر بەشێوەی سەربەخۆ و لە شوێنی جودا بڵاوبوونەتەوە (*). جێی تێبینییە کە پێڕست و ناوەڕۆکی کتێبەکە کەوتووەتە لاپەڕەی حەڤدە و لەدوای پێشەکی کتێبەکەوە دانراوە!

سەرەتا نووسینی ئەم پێشەکییە درێژە لەلایەن د.هێمن عومەر وەک نووسەرێکی ناسراو و ئەکادیمی سەرنجڕاکێشە بۆ خوێنەر. وەک دیارە نووسەری پێشەکی وەکوو پسپۆڕێک، زۆر بە پوختی زانیاری گشتی ڕاستودروستی لەبارەی شیعری کلاسیکی کوردی و لێکۆڵینەوە لە نالی خستووەتەڕوو، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم چەند گوتارەی نووسەری ئەم کتێبەی لەبارەی (نالی)یەوە بەراوردکردووە بە نووسینەکانی نالی ناسێکی وەک مەسعوود محەمەد و بە تەواوکەری کارەکەی ئەوی دادەنێت، پێیوایە هەر خوێنەرێکی نالی دۆست (چەپکێک لە گوڵزاری نالی) و (دەستەودامانی نالی)ی مەسعوود محەمەد بخوێنێتەوە، هەست بە جیاوازی گەورەی ئەمانە و (نالی لە ڕوانگەیەکی ترەوە) دەکات.

لە لاپەڕە ٤٣ خاڵی پێنجەم، لە درێژەی سەرباسی ساتمەی زمان لە غەزەلەکەی (وەک قەفەس ئەم حوجرە...)دا، ئەم بەیتەی نالی کە دەڵێت:

**ڕۆژ پڕە گوێمان لەبەر ئەنهار و جۆگە و هاژە هاژ**

**شەو نییە خەومان لەبەر قرژاڵ و بۆق و ژاوە ژاو**

(دیوانی نالی، ل ٣٧٣)

نووسەری کتێب ئەم دێڕەی وەکوو نموونەیەک بۆ هەبوونی ساتمەی زمان لە لای نالی شاعیر هێناوەتەوە و دەڵێت لەم بەیتەدا هێنانی (ئەنهار) و (جۆگە) دوورن لە هونەری نالی و بە لێکدانەوەی ئەو، لەبەرئەوەی وشەی ئەنهار هەمان واتای جۆگەیە و هەر یەک شتن، بۆیە پێکەوەهێنانی هەردوو وشەی ئەنهار و جۆگە هەڵەیە و ئەمەی بە (ساتمەی زمان) لەسەر شاعیر حسێب کردووە!


کەچی وەک ئاشکرایە مانای وشەی ئەنهار جودایە لەگەڵ جۆگە، ئەنهار کۆی (نەهر)ی عەرەبییە و واتاکەی بریتییە لە: ڕووبار، چۆم، چەمی گەورە، هەرچی وشەی جۆگەیە، بەرانبەر وشەی (جدول)ی عەرەبی دێت و بریتییە لە: جۆگەلەی باریکی بچووک. ڕووبار و جۆگە لەڕووی گەورەیی قەبارە و فراوانییەوە، زۆر لە یەکتر جیاوازن و بەراورد ناکرێن، چ جای ئەوەی هەمان شت بن.

لە لاپەڕە ٧١ و ٧٢ خاڵی نۆزدەیەم، لەبارەی ئەم دێڕەی نالی:

**کاسە و کەوچک، حەسیر و بەڕ لە ئاودا هەروەکو**
**کیسەڵ و ماسی و جلە دێن و دەچن پرژ و بڵاو**

(دیوانی نالی، ل٣٧٣)

بۆ وشەی (جلە)ی نیوە دێڕی دووەم، نووسەر لەلایەکەوە پێی وایە ئەگەرچی وەکوو واتا لێکدانەوەی بە بەلەمێکی گەورە ڕاستە، کەچی لەلایەکی دیکەوە دەڵێت یەکخستنی بەلەمی گەورە لەگەڵ کیسەڵ و ماسی گونجاو نییە و بەری دڵ ناگرێت، بۆ ئەمە پەنای بۆ فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە بردووە و تێیدا بۆ واتای وشەی (جلە) نووسراوە (جانەوەرێکی



نالی

خڕ و پانە لە ئاودا زیندەوەری چکۆلە ڕاودەکا)، بۆیە ئەویش ئەم واتایە بە گونجاوتر و دروستتر دەزانێت. لێرە دەپرسین ئەگەر لێکدانەوەی بە (بەلەمێکی گەورە) ڕاست بێت، ئەی چۆن دەکرێت لێکدانەوەشی بە (جانەوەرێکی خڕ) گونجاوبێت! ڕاستییەکەی هەر لە هەمان فەرهەنگی ناوبراو، چەند واتایەکی دیکەش بۆ ئەم وشەیە هەن، بۆ نموونە (گیایەکە وەک قەوزە سەر ئاو دەکەوێ و دەتەنێتەوە) کە بە لێکدانەوەی ئێمە، ڕەنگە گونجاوتربێت بۆ واتای وشەی (جلە)، ئەگەر بەرانبەری بکەین لەگەڵ گوزارشتی (حەسیر و بەڕ)ی ناو نیوە دێڕی یەکەم. هەروەک شێوەی کیسەڵ لە کاسە و ماسی لە کەوچک نزیکن، بەو چەشنەش شێوەی (جلە)، بە واتای گیایەکە وەک قەوزە، لە شێوەی حەسیر و بەڕ نزیکتر و گونجاوترە، نەوەک جانەوەرێکی خڕ و پان.

لە لاپەڕە ٧٧ و ٧٨ خاڵی بیست و چوارەم،

لەبارەی ئەم دێڕەی نالی:

**نالی سەرت لە گونبەدەکەی خانەقا دەکا**

**لایێ پڕە لە مەشعەلە، لایێ پڕە لە مەشغەلە**

(دیوانی نالی، ل٤٧٧)

بەلای نووسەرەوە دوو کەڕەت دووبارەبوونەوەی گوزارشتی (لایێ پڕە لە) لە نیوە دێڕی دووەم، نالییانە نییە و پێی وایە ئەمە کەموکووڕییە و دەبووایە نالی خۆی لەو دووبارەبوونەوەیە دەربازبکات و لەباتی (لایێ پڕە لە مەشغەلە)ی جاری دووەم، دەبووایە شاعیر بنووسێت: (ئەوی دیکەی لە مەشغەلە)، واتە نووسەری کتێب گوزارشتی (ئەوی دیکەی لە) بەلاوە جوانتر و ڕاستترە لە گوزارشتی (لایێ پڕە لە).

ڕاستییەکەی بەلای ئێمەوە ئەو جوانی و شیعرییەتەی لە دووبارەبوونەوەی (لایێ پڕە لە)دا هەیە، هەرگیز لەو گوزارشتە ناشیعریی و ساوای وەکوو (ئەوی دیکەی لە)دا نییە و پێم وا نییە نالی سەرمەشقی زمان و ڕەوانبێژی؛ هێندە بێ سەلیقە بێت تا ئەوەی نەتوانێت (لایێ پڕە لە) بگۆڕێت بە (ئەوی دیکەی لە). لەلایەکی دیکەوە ئەم دیاردەی دووبارەکردنەوەی چەند وشە و گوزارشتێک لە شیعر، دۆخێکی ڕەوانبێژیی دروستە و نالی لە چەندان شیعری دیکەدا پڕاکتیکی کردووە، هەروەکوو نووسەر د. هێمن عومەر خۆشناویش لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەیەکی بەمە داوە کە دەڵێت: (مامۆستا... لەسەر ئەو هاوواتایانە سەنگراوەتەوە کە نالی لەپاڵ یەکتردا بەکاری هێناون، مامۆستا بە زیادە و ناتەواویی شیعری لەقەڵەمی داون،.... لە شێوازناسیی نوێدا ئەمانە لە چوارچێوەی لادان سەیر دەکرێن و لادانیش بە هەموو جۆرەکانییەوە پلە و ئاستی شیعرییەت- پۆیەتیکا بەهێزتر دەکەن و جۆرە یاریکردنێکی ئاستی وشەیی و پێکهاتەییە و دەبنە سیمای جیاکەرەوەی دەق.) وەک دیارە مەبەستی د. هێمن عومەر ڕاستکردنەوەی ئەم جۆرە بۆچوونە هەڵەیەی نووسەری کتێب بێت کە بۆ نموونە بە تایبەت لەم خاڵەدا تێی کەوتووە.

هەر لەم خاڵەدا نووسەری کتێب لەمیانی لێکدانەوەی واتای ئەم دێڕەی کەوا نالی خراپ داباریوە بەسەر سۆفییەکاندا، دوو جار وشەی (زرک)ی بەکارهێناوە، واتە ئەو شیشەی دەروێشەکان بەکاری دەهێنن، لێرەدا وشەکە دەبێت (زەرگ) بێت و (زرک) هەڵەیە.

لە کۆتایی لاپەڕە ٧٨دا نووسەر لە باسی سۆفیگەریی و شەریعەت و کۆششەکانی مەولانا خالید لەو بارەیەوە نووسیویەتی (هەرچەندە شەریعەتەکەش زانستی نوێ زۆری بۆ هێناوە، بۆ نموونە فیقە و تەوحید و تەفسیر... ڕوو لەکاڵبوونەوە دەکەن، بەڵام کیمیا، فیزیا، ئەندازیاری، پزیشکی و... تاد لای ئێمەی ڕۆژهەڵاتی بەرەو لوتکە دەچن). ئەگەر مەبەستی نووسەر ڕوو لەنەمانی (فقە) و زانستەکانی شەریعەت بێت، ئەوە ئەم بۆچوونەی زانستی نییە و لە جیهانی ئەمڕۆدا وێڕای پێشکەوتنی خێرای زانست و تەکنۆلۆژیا، لە هەمان کاتدا دەبینین زانکۆکانی وڵاتانی موسڵمان، پڕن لە کۆلێژەکانی شەریعە و گشت لقەکانی زانستە شەرعییەکان تێیاندا دەخوێنرێن.

لە لاپەڕە ٨٧ و ٨٨ خاڵی سی و چوارەم، لەبارەی ئەم دێڕەی نالی کە دەڵێت:

**گەرمی و تەڕی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە**

**پشکۆی گوڵاتەشین بە نەسیم بوو گەشایەوە**

نووسەر پێی وایە لە نیوە دێڕی دووەم وشەی (گوڵاتەشین) لە داتاشین و وشەسازیی

نالی شاعیره، لەبەرئەوەی گوایە نووسەر خۆی هەر دوو فەرهەنگی فارسی و کوردی گەڕاوە، بەڵام ئەم وشەیەی نەدۆزیوەتەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم وشەیە بەشێوەی (گل آتشین) لە دیوانی مەولانا خالید نەقشبەندی هەیە و لە پێشتریشدا لە شیعری شاعیرانی فارسیزمان زۆر بەکارهاتووە، بۆ نموونە لەم دێڕەدا (سائیبی تەبریزی) دەڵێت:

**در چشم من خیال رخ لاله رنگ تو**
**خوشتر بود ز عکس گل آتشین در آب**

لە لاپەڕە ٨٨ خاڵی سی و پێنجەم، لەبارەی ئەم بەیتەی نالی:

**هەنجیری نەوشکۆفەی کە پڕ بوو لە شیری ساف**
**تیفلی عینەب شکۆفەیی کرد و ڕشایەوە**

نووسەری کتێب دەڵێت نالی تەرکیبی (تیفلی عینەب)ی لە (حافزی شیرازی) خواستووە کە دەڵێت:

**(بنت العنب) که زاهد امالخبائثش خواند**
**اشهی لنا و احلی من قبلة العذارا**

سەبارەت بە (تیفلی عینەب)، ئەم گوزارشتە بەشێوەی (بنت العنب) نەک هەر لای حافزی شیرازی، بەڵکوو لەلای شاعیرانی دیکەی شیعری فارسی کۆن بڵاوبووە، بۆ نموونە سائیبی تەبریزی دەڵێت:

**در سینه حکمتی که فلاطون ذخیره داشت**
**قالب تهی چو کرد به (بنت العنب) رسید**


هەر ئەم دێڕەی حافزی شیرازی کە نووسەر بە نموونە هێناویەتییەوە، بەشێوەیەکی دیکەش هاتووە کە ئەم گوزارشتی (بنت العنب)ـەی تێدا نییە:

**آن تلخوش که صوفی امالخبائثش خواند،**
**اشهی لنا و احلی من قبلة العذارا.**

هەر لەبارەی وشەی (ڕشایەوە)ی ناو ئەم بەیتەی نالی-یەوە، جێی سەرنجە نووسەر لە کۆتایی گفتوگۆکەیدا نووسیویەتی: (بەداخەوە هەرچەند بیرم لێ کردەوە وشەی (ڕشایەوە)م بۆ وەرنەگیرا، بۆیە گومانم لێیەتی و پێم وایە (ڕەسایەوە) بێت، بە واتای پێگەیشتەوە، واتە بەرسیلە دوای شکۆفەکردن پێگەیشت).

جێی سەرنجە وەک ئەوەی نووسەر زانیاری لەبارەی (ڕشانەوەی بەرسیلە)ـەوە نەبێت، بۆیە بەلایەوە هاتنی وشەی ڕشانەوە لەگەڵ بەرسیلە جێی گومان بووە و بیری بۆ ئەوە چووە وشەی (ڕشایەوە) هەڵە بێت و بەبۆچوونی ئەو (ڕەسایەوە) تەواو بێت.

لەم بارەیەوە دەڵێم لای ئێمە لە وڵاتی سۆرانەتی بە دۆخی وەرینی گوڵی بەرسیلە دەگوترێت: ڕشانەوە، واتە ڕشانەوەی درەختی مێو، یان داری ترێ. لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەشدا، ئەم



وشەیە بێجگە لە مانا بڵاوەکەی خۆی کە بریتییە لە: (هێنانەوەی خواردەمەنی بە دەم)، هەروەها بەم واتایەش هاتووە: (سیسبوون و گوڵ وەرینی دار بێ وەخت). ڕەنگە نووسەر بیری بۆ ئەوە چووبێت لە فەرهەنگەکاندا وشەی (ڕشانەوە) هەر تەنیا مەبەست لێی (هێنانەوەی خواردن) بێت، هەر لەبەرئەوەش نەگەڕاوەتەوە سەر هیچ فەرهەنگێک.

لە لاپەڕە ٩٤ خاڵی چل و سێیەم، نووسەر دەڵێت پارچە شیعری (تەشریفی نەوبەهارە) داباریـنە بەسەر سۆفییەکاندا، هەر بۆیەش لەو دێڕەی کە نالی دەڵێت:

**دنیا کە گوڵ گوڵی بووە، قوربان، ئەتۆش وەرە...**
**تالیب بە گوڵ بە، قەیدی چییە گوڵ گوڵی بوێ!**

نووسەر پێیوایە لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەم (گوڵ گوڵی بوێ)، گوڵی یەکەم دەبێت بە (گول) بخوێنرێتەوە، بە واتای نەخۆشیی (گولبوون)، گوایە مەبەستی نالی ئەوەبێت، سۆفییەکان وەکوو کەسێکی تووشبوو بە نەخۆشیی گروویی و گولیی پیشان بدات!

بەڵام دەبینین نالی لەم غەزەلە جوانەیدا بە تەواوی ڕووی لە یارە و شیعرەکە چ پێوەندی بە داباریـن بەسەر سۆفییەکانەوە نییە. ناوەڕۆکی پارچە شیعرەکە پڕیەتی لە باسی (بەهار، دڵ، غونچە، گوڵ، گوڵچیهرە، عەرعەر، سونبول، زوڵف، شکۆفە، دنیای گوڵگوڵی، بلبل و نەغمە گەرمەکەی، سەوسەن و نێرگز) و تا ئەوەی بە یارەکەی دەڵێت: قوربان، گەرچی دەزانم خۆت گوڵی، بەڵام قەیدی ناکات، هەر خۆت گوڵیش بیت و هەمان کات بێیتە ناو گوڵ و گوڵزاریش!

سەبارەت بەو نیوە دێڕەش کە لە غەزەلەکەدا دەڵێت (ماوم عەجەب لە دیدەیی سۆفی کە ناڕووێ)، بەلای ئێمەوە هەبوونی تەنیا ئەم نیوە دێڕە نابێتە بەڵگەی ئەوەی پارچە شیعرەکە بە داباریـن بەسەر سۆفییەکان لە قەڵەم بدرێت، بەڵکوو ئەمە مەشرەب و شێوازێکی تایبەتی نالی-یە و لە زۆر جێگەی دیکەی شیعرەکانیدا، بەبێ ئەوەی بابەتی سەرەکی شیعرەکە سۆفی و داباریـن بەسەر سۆفییەکانەوە بێت، نووکی خامەی نالی ئەم سووکە نقورچانە لە سۆفییەکان دەگرێت، بۆ نموونە لە غەزەلی (بنواڕە نەوبەهار و فوتووحاتی گوڵشەنی) کە هەمدیسان باسی بەهار و گوڵ و باغەوان و بولبولە، کەچی لە نیوە دێڕێک دەڵێت (سۆفی! بڕۆ، مەبە بە درک، تۆ لە ئێمە نی)، هەروەها نموونەی دیکە وەکوو:

لەو غەزەلەی بە نیوە دێڕی (دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە) دەست پێ دەکات و بە تەواوی ڕووی لە حەبیبەیە، کەچی لە نیوە دێڕێک دەڵێت: (وشکە سۆفی لەم فەیزە بێ نەسیبە).

تەنانەت لەو غەزەلەی وەسفی تاقمێکی تایبەتی سوپا و لەشکری میرنشینی بابان دەکات و بەم دێڕە دەستی پێ کردووە (ئەم تاقمە مومتازە کە وا خاسسەیی شاهن)، دەبینین لە دێڕی نۆیەمدا سەبارەت بە سەیرکردنی جوانیی هەڵسوکەوتی ئەم تاقمە، لەناو گشت توێژەکانی کۆمەڵگەدا، تەنیا باسی سۆفییەکان دەکات کە چۆن ڕێگەیان گرتووەتەبەر بۆ سەرنجدان و بینینی بەژن و باڵای ڕێک و جوانی ئەندامانی تاقمەکە، وەک دەڵێت:

**بۆ سەیری خەرامیدەنی ئەم سەرو قەدانە،**
**سۆفی لە تەڵەبدان و هەموو سالیکی ڕاهن**

بە هەمان شێوە لە چەندان جێگەی دیکەی دیوانەکەیدا، بەبێ ئەوەی بابەتی شیعرەکە پێوەندی بە سۆفییەکانەوە هەبێت، کەچی نالی هاتووە نقورچێکی تێ گرتوون.

لە لاپەڕە ٩٦ەوە تا لاپەڕە ١٠١، لە بن سەرباسی نالی، یان نالّی و بە هێنانەوەی دە دێڕە شیعری جودای ناو دیوانی نالی بە نموونە، نووسەر باس لەوە دەکات کە لە کۆمەڵێک بەیتدا (نالّی)یش هەست پێ دەکرێت و بێ ئەوەی نازناوی (نالی) بە ناڕاست بزانین، ئەوەش بە ڕاست دەزانین کە (نالّی)یش تا ڕادەیەک وەک (نالی) جێگەی خۆی دەگرێت.

بەلای ئێمەوە ئەم سەرباس و بابەتەی کتێبەکەی نووسەر زیادەیە و پێویست نییە، لەبەرئەوەی نووسەر لەم باسەی (نالی) و (نالّی) هەمان قسەکانی نووسەر فاتیح عەبدولکەریم دووبارە دەکاتەوە و زۆر لە پێش ئەویشدا مامۆستا عەلائەددین سەججادی لە کتێبەکەیدا (مێژووی ئەدەبی کوردی) لەبارەی نالی-یەوە هەمان ئەو بیروڕایانەی دەربڕیوە، تەنانەت سەججادی نازناوەکەی بە شێوەی (نالّی) بە ڕاست زانیوە و داکۆکی لە ڕایەکەی کردووە.

لە لاپەڕە ١٠٨ و ١٠٩ لەبارەی ئەم دێڕە شیعرەی نالی:

**کەعبە ئیشراقی وەکو خورشیدە، من چاوم زەعیف**
**لێم بووە ڕۆشن کە بوعدی قوربە، قوربی بوعدە بۆم**

نووسەر لە دوای خستنەڕووی بیروڕای خۆی لە بابەتی (قرب)دا بە گشتی، لە کۆتایی شەرحەکەیدا لەبارەی ئەوەی کە نالی لە بەرانبەر تیشکدانەوەی کەعبەی پیرۆزدا گوتوویەتی (من چاوم زەعیف)، نووسەر وای بۆدەچێت و دەڵێت (ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە نالی چاوێکی تانەی لەسەر بووە)، بەڵان مەرج نییە هەموو چاو زەعیفییەک هۆکارەکەی هەبوونی تانە بێت لە چاودا، ئەوجا بۆ دەبێت ئەم تەعبیرەش بە واتای مەجازی و ڕووی دووەمی نەبێت هەروەکوو چۆن نووسەر خۆی بۆ وشەی (قرب) ئاماژەی بۆ کردووە، نەوەک هەبوونی تانە لە چاوی نالی-دا!

لە لاپەڕە ١١٤ و ١١٥ لە کۆتایی خاڵی پێنجەمدا، نووسەر دەڵێت کە گرنگە نالی وەک (عارف)ێک بناسرێت شانبەشانی ئیبن عەرەبی و مەولانای ڕۆمی و...، بەڵام ئەوەی تا ئێستا زانراوە ئەوەیە کە نالی بەو مانایە عاریف نییە و نەبووە، بەڵکوو نالی وێڕای ئەوەی یەکێکە لە شاعیرە سەردەستە و هەرە هەڵکەوتووەکانی مێژووی کورد، وەکوو موسڵمانێکیش کەسێکی خواناس و دڵساغ و موخلیس بووە لەسەر بیروباوەڕەکەی، ئەوجا زانستەکانی خوێندنی فەقێیەتی لە حوجرەی مزگەوت تەواوکردووە، بۆیەش زانا و مەلایەکی دوازدە عیلمی مەعلان و قابیل و زرنگیشی لێ دەرچووە. هەر لەو ڕێگەیەشەوە و لەسەر بناغەی ئەو بەهرە سەرسوڕهێنەی خوا پێی داوە، بووەتە شاسوارێکی گەورەی مەیدانی شیعر و بەلاغەت و خامە و خەیاڵتیژیی. لە کۆتاییشدا بووە بە ئوستادی سەردەستەی زمانەوانان و دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی شیعریی وەها کە دووسەد ساڵە شانازیی پێوە دەکرێت.

لە لاپەڕە ١١٥ و ١١٦ خاڵی شەشەم، ئەگەرچی بابەتەکە باسی زاراوەیەکی سۆفیگەریی وەک (عارف)ـە، کەچی دوای پێناسەی زاراوەکە، نووسەر دێتەسەر ئەوەی گوایە لەو دێڕە شیعرەی کە بە نموونە هێناویەتییەوە و نالی دەڵێت:

**شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی**
**کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا**

نووسەر دەڵێت ئەمە لەڕووی ئەوەی نالی هەر خۆی بە پایەبەرز و شکۆمەندار دەزانێت، بۆیە بەشێوەی داشۆرین بەردەبێتە گیانی شاعیرانی

ئەو ڕۆژگارە، بۆ ئەمەش نووسەر ناوی کۆمەڵێک لە شاعیرانی کوردی ڕیزکردووە، لەوانە: مەولەوی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، مەجزووب، سالمی سنە، حاجی قادری کۆیی، سالم، کوردی، خاکی، وەفایی، مەحوی، مەستوورە و...تاد.

ئەوەی جێی سەرنجە لەلایەک نووسەر لەم خاڵەدا سەرەتا پێناسە و باسی زاراوەی (عارف) دەکات، بەڵام دواتر ئەم دێڕە شیعرە بە نموونە دەهێنێتەوە و باسی لایەنی شانازی بەخۆکردنی نالی و داشۆرینی کۆمەڵێک شاعیری هاوسەردەمی خۆی دەکات، هەروەک نووسەر ناوی بردوون. جێی پرسیارە پێناسەی زاراوەی عاریف و بابەتی شانازیی و داشۆرینی ئەم بەیتە چ پێوەندییەکیان بە یەکترەوە هەیە!

لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەرچی ڕاستە نالی لەم دێڕە و چەندان دێڕی دیکەی ناو دیوانەکەی، شانازیی بە شاعیریەتی خۆیەوە دەکات و هەقی خۆشیەتی، بەڵام چۆن دەکرێت بەبێ بەڵگەی زانستی و توێژینەوەی ورد، ناوی ئەو هەموو شاعیرانە ڕیزبکرێن کە بە قسەی نووسەر، نالی بەشێوەی داشۆرین بەربووەتە گیانیان!

*** هەر بە نموونە لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١١٢ی ساڵی ٢٠٠٦، گوتارێکی نووسەر بە ناوونیشانی (نالی بەتەنیا موریدی خوابووە) بڵاوبووەتەوە.**

**سەرچاوەکان:**

١ - دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپی سێیەم، پیاچوونەوەی محمدی مەلاکریم، انتشارات کردستان، ١٣٨٣.

٢ - عەلائەددین سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٩١.

٣ - هەژار موکریانی، فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە، چاپی سێیەم، ١٣٨١.

٤ - صائب تبریزی، دیوان اشعار، غزلیات، غزل شمارە ٤٣١٥.

٥ - حافظ شیرازی، غزلیات، غزل شمارە ٥.